کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
2-9-2007 22:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بروسکەیەک بۆ:**

سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
ئەنجوومەنی باڵای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
لقی ئەورووپای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

بەڕێزان خۆتان دارێژەری پرنسیپەکانی کارنامەی ئەم ڕێکخراوەن بەو مەبەستەی ڕێکخراوەکە ببێتە ناوەندێک بۆ کۆکردنەوەی سەروەریەکانی پێشمەرگە تاوەکو لەم مینبەرەوە ڕۆڵی ئەو مرۆڤانە بپارێزرێت کە پزیسکی مەشخەڵێك بوون هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە تا بەدیهێنانی دوا ئاواتەکانی گەلی کورد کە دوا مەنزڵگاشی سەرکەوتنی یەکجارەکی بوو.

دیارە پێکهێتەکانی کۆمەڵە فرە ڕەنگە بەو مانایەیی پێشمەرگەی گشت حیزبەکانی لەخۆیدا ئاوێزان کردووە بەبێ جیاوازی بیرکردنەوەو ئینتیمای سیاسی، خۆ ئەگەر ئەمە کاروبەرنامەی کۆمەڵە بێت لەکوردستان، ئەی دەبێت بۆ هەندێك لە دەزگاکانی کۆمەڵە لەدەروەی وولات پەیڕەوی سیاسەتی گشتی نەکەن هەر وەک چۆن لە یەکێک لە دەزگاکانی دا بینرا کەئەویش (سەکۆی ئازادی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان) بوو لە (پاڵتالک)، تۆ بڵێی ئەم دەزگایە سەر بە کۆمەڵەیەکی تر بێت؟؟ خۆ گەر وانیە بۆ دەبێت ئەم ژوورەی پاڵتالک ببێتە ناوەندێک کە تەنها بۆ مەبەستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەکاربهێنرێت؟ هەرچەندە زۆرینەی خەڵک گومانیان هەیە کە بەڕێوەبەرانی ژورەکە یەک ڕۆژیش پێشمەرگە بووبن، چونکە پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک سیفەتن لە سادەیی و لێ بووردن و بەخشندەیی نەک ڕق و کینەو گیانی خۆبەزل زانین و چاندنی تۆوی دوبەرەکی و هەڵدانەوەی برینە کۆنەکان هەروەک بینیمان لەم ژوورەدا لە ڕۆژی 31 ئاب دا. ئەوەی لەم ژوورەدا باس کرا نەک هەردوور بوو لە گفتوگۆی سەردەمانە بەڵکو تەوهین کردن بوو بە خەبات و ڕەوشتی پێشمەرگە، سوکایەتی بوو بە بڕیارەکانی سکرتێری گشتی (ی. ن. ک) بەتایبەتی کە بەڕێز مام جەلال کەسی کاریگەر بووە لە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنە ستراتیژیەکەی نێوان (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) دا، کە دەکرێت لەڕێگەی چەسپاندنی ئەم ڕێکەوتنەوە بەرژەوندیە باڵاکان زێدەتر سەقامگیرتر بکرێت.

بەڕێزان خۆئەگەر بڕیارە باسی هەڵەکانی ڕابووردوو بکرێت وەک لەم ژورەدا باس کرا، دەبێت ڕێگە بە حیزبەکانی تریش بدرێت باس لە ڕووداوەکانی خۆیان بکەن، واتە حیزبی شیوعیش ئازادن باسی کارەساتی (قەرناقاوپشت ئاشان بکەن) یان باسی شەهیدکردنی هاوڕێ (سۆران) بکەن لە شارۆچکەی (دوکان) . یاخوود برادەرانی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان باس و خواست بکەن لە شەهیدکردنی (شێرکۆی شێخ عەلی و مام ئاراس و عەولاسوور)، هێنانەوەی ئەم نموونانە بەمەبەستی ووروژاندنی هەستی ئەندامەکانی ئەم حیزبانە نیە تا برینەکان بکولێننەوە بەڵکو ڕێگەگرتنە لەو شێوازە باڵادەستە خۆبەزل زانینەیە کە ئێستاکە کۆمەڵێك خەڵکی نانەتەوەیی نا پێشمەرگە کۆنترۆڵی سەکۆی ئازادیی کۆمەڵەی پێشمەرگەکانیان کردوە لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا لەبرێک دەسکەوتی مادی دا، هەر بۆیە ئەم برە هەلپەرستانە وەک دەستەیەکی باڵا لەم ژورەدا لەبری ئەوەی ڕەچاوی کەشی هاودەنگی و هاوهەڵوێستی حیزبە کوردستانیەکان بکەن، دێن تۆوی قین و دووبەرەکی قووڵ تر دەکەنەوە، لەپاڵ ئەم ئەمەش دا بازرگانی خۆیان گەرمتر دەکەن بەبیانووی وەدەست هێنانی ئیمکانیاتی مادی بۆ شین کردنەوەی ژوورەکە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم ژوورە کێ هاوکاری دەکات؟ ئایا کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان وەک دەزگایەکی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی تایبەتی خۆی دابین نەکرد بۆ ژوورەکە؟ بە دڵنیایەوە بەڵێ، ئەی کاک جەمیل هەورامی وەک بەرپرسی یەکەم چاوی بە کاک مەسعود بارزانی نەکەوت تا داوا لەپێشمەرگەکانی پارتی بکات ببنە ئەندامی کارا لەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆمەڵەیەدا؟ ئەگەر ئەمە وایە بۆ دەبێت لەم ژوورەدا سوکایەتی بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی بکرێت!!!!

بەڕێزان ....

بڕیارەکانی یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی پێشمەرگەدێرینەکان تائێستاش مەرەکەبەکەی ووشک نەبۆتەوە کەچی مخابن یەکێک لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵە کە ئەم ژوورەیە سەرپێچی دەکەن، بەمەش ئێمەی پێشمەرگەی حیزبەکانی تر دەخاتە گوومان و پرسیارێکی گرنگ، تۆبڵێی ئەم کۆمەڵەیە تەواوی ئۆرگان و ناوەندەکانی بۆ مەبەستی پاراستنی سەروەریەکانی پێشمەرگە دامەزرابێت یان تەنها لەخزمەتی تاک حیزب دا، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە داواکارین لە بەڕێزانی سەرۆک و ئەنجومەنی باڵا و لقی ئەوروپای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان وەدواچوون بکەن لەم کارە دوور لە شارستانیە و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆو یاساکانی لێپرسینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری ژوورەکە بکرێت، خۆ گەر ئەمە پاش گوێ خرا من داوا لە برادەرانی (حیزبی شیوعی و زەحمەتکێشان و حیزبی سۆشیالیستی کوردستان) دەکەم بەڕاشکاوی هەڵویستی خۆیان لەمەڕ (سەکۆی ئازادی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان لە تۆڕی پاڵتاڵک) دەرببڕن و لە ڕوون کردنەوەیەکدا ڕایبگەیەنن کە ئێمە بەشدار نین و خۆمان با خاوەنی ئەم ژوورە نازانین و بەرپرس نین لە بۆچوونەکانیان.

بەهیواین گوێمان لە وەڵام بێت.

پێشمەرگەیەکی دێرینی
حیزبی شیوعی کوردستان
2007-9-2

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.